# "سەبری" خان*

گۆران على
goranmad@hotmail.com

سەبە..........!
ئەندێشەی ژیانت،
کۆمای گلی کردە چاوی خۆم و شیعرم!
بۆ حەسانەوەی سەفەری دوورو درێژ
بۆتە دەواری سە رەرێ بۆتە کەپرم!
خەمم.. زامم، هەزار خەمە ........هەزار زامە
بەڵام سەبە،
بۆ تفکردن لە سە ردەمێک،
هەموو شتێک بەهای هەبێت.....مرۆڤ نەبێت،
سە رگوزوشتەی تۆم کردووەتە شانامە.
ماخۆلانە .......ماخۆلانە !
ژیانی من.......گریانی تۆ،
گریانی من.......ژیانی تۆ!
گێژەنێکە زۆر بێپەیە ،
ئە ی کۆتایی..........
کۆتایی مەینەتی کەیە؟!
سە رسورمانە........سە رسورمانە !!
لە کاتێکا خەم دامئەگرێت،
بۆ مەینەتی تۆی بێلانە
پێئەکەنیت......!
گوڵاوی خەندە ئە پژێنێت!
من نازانم...........
پێکەنینت،بە من دێت،
یا بەم ژیانە ؟!
ئەبێ ئێستا.........
هەڵۆی خۆزگە و هیواکانت،
بۆ کام جێ......
بۆ کام ئاسمانی دوور هەڵئەفرێت؟!
کام ئاوازی تاسەو دیدار........
لە ژێکانی ئەندێشەتدا لێئەدرێت؟!
لای تو کام تیۆر تازەیە ؟
کام ژێ بیرت............
لێدەری ئەم پێکەنین و ئاوازەیە؟!
پێئەکەنیت،
بەوەی ناتوانین وەک تۆ،وا ئازاد ،بژین؟!
یان تۆ ناتوانیت،
وەک ئێمەی ،کۆیلە ،بژیت؟!
لە ناو توێشوی توند جەڕاوی،
بیری خەڵکا ....
شێتی....هاری

بەڵام سەبە ....مشتێ پارە
تۆ ئەکاتە،
سەبەی شۆخ و شێوەپەری
چنگێ تەڵا،
تۆ ئەکاتە ،
ئە ستێرەگەشی سەرقەڵا
ئاخ سەبە ......ئاخ
لەم دونیایەی من و تۆدا ،
پارە ئامانجە، نەک هۆیە!
پارە چەشەی* قازانجێکی تازەترەو،
نە بۆ ئاسودویی منەو،
نە بۆ ئاسودەیی تۆیە !
کێ ئەڵێ تۆ دایکی گیڤارا نەئەبووی؟!
یان لینین لەتۆ نەئەبوو؟!
ئە ی ئەو وەختە.... کێ ئەیزانی،
ئاوەڕۆی ئەم ژینەمەنگە، بۆ کوێ ئەچوو؟!
هە رچەندە تۆ.....
لە ئاهەنگی ئاولێنانا..
لە نەریتی ژیرەکانا..
شە پۆلێکی بێکەناری!
لوتکەیەکی بێبناری!
گۆرانییە کی ناسازی!
شیعری لەنگو بێئاوازی!
بەڵام سەبە...........
تا ئەتوانی ...لەگەڵ مندا،
تف هەڵدە بۆ.............
دونیای ستەم و جیاوازی.
لای منیش تۆ (نودرەی نسبی)ت*
تۆ زۆر جوانی!
سەبە شێت نیت،
سەبری خانی!!

.................................................................................................................................

*سەبە:ئافرەتێکی خەڵکی سەرقەڵای لای کفری بوو لەکۆڕەوەکەی 1991 لەنێوان ئۆردوگای گردەنوو ... دەربەندی بێلولەدا بەتەنیا دەژیا ،ڕازینەئەبوو بچێتە ئۆردوگاو نەئەگەڕایەوە بۆ عێراقیش،ئەم ئافرەتە تووشی "شیزرۆفینیا"ی دەروونی بووبوو.
*چەشە:ئەو ماسییە مردووەیە کە ئەکرێت بە قولاپەوە بۆ خەڵەتاندن و ڕاوکردنی ماسی تر لە کاتی ڕاودا.
*نودرەی نسبی: یەکێکە لە یاساکانی جوانناسی،بەپێی ئەم یاسایە هەموو شتێکی دەگمەن جوانە.